بێتاوان لە هەر کوچەیەکی ئەم زەمینەدا بکوژرێت هەڵوێست هەمان هەڵوێستی نەفرەتە!

شەماڵ حەمە

بێ ئەوەی نەخشەیەکی ڕوون و ئاشکرایان هەبێت، وا زیاتر لە مانگێکە، هێزەسوپاییەکانی ئەمریکا موشەک و بۆمبا بەسەر ئەفغانستانی وێران و میللەتی چارەڕەشی ئەفغانیدا دەکێشن بە نیازی لەناوبردنی بنلادن و تاڵیبانەکانی حوکمڕانی ئەو وڵاتە. ڕۆژناڕۆژێکیش وتەبێژی ئەمریکایی داوای لێبووردن دەکات کە موشەکیان سەریکردووە و ژمارەیەک لە بێتاوانی ئەو وڵاتەی کوشتووە!

پەیتا پەیتاش نامەی مەیکرۆباوی هەر ڕۆژەی لە ویلایەتێکی ئەمریکا یان لە وڵاتێکی تری جیهاندا بڵاو دەبێتەوە و خەڵکی بێتاوانی پێ دەکوژرێت.

ژمارەی کوژراوی بێتاوان، لە ئەفغانستان، گەیشتە پلەیەک کە تالیبانەکان، کە لەوەوبەر ڕۆژنامەوانیان دەردەکرد، دەرگایان بۆ مێدیا کردەوە تا بە چاوی خۆیان ئەنجامی ئەو کارەساتە ببینن. ژمارەی بە میکرۆب کوژراویش لە ئەمریکا هەتا ئێستا چوارن. سێیان پێسترەشن!

ئەمریکا کە لە دوای کارەساتی یازدەی سێپتەمبەر سۆز و پشتگیریی گەلانی جیهانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا. لەباتی ئەوەی بە وریایی ئەو هەلە بقۆزێتەوە و نەخشەی وردبینی بنبڕکردنی ئەو توندڕەوانە بکێشێت، کەچی ڕێگا و مەنتیقی کاوبۆی و تۆڵەسەندنەوەی کاتی هەڵبژارد، بۆیە وا تەنانەت دۆستە نزیکەکانی خەریکن لێی بکەونە گومانەوە.

بە مەنتیقی وردربین دەبوو پێش ئەوەی شەڕی دژی تالیبانەکان و بنلادن بەئاشکرا دەست پێ بکات، چارەیەک بۆ کێشەی فەلەستین و عیراق و کورد بدۆزێتەوە، ئەوجا بکەوێتە شەڕی بەرامبەری ئەوانی تر. چونکە دۆزینەوەی چارەیەک بۆ کێشەی فەلەستین دەبووە نامەیەک بۆ موسڵمانان کە ئەمریکا شەڕ دژی ئیسلام ناکات. لەناوبردنی سەدام و دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکیش بۆ کورد، نامەیەکی تری ئەمریکا دەبوو بۆ میللەتانی زۆرلێکراو کە ئەوە ئەنجامی زۆردار و دیکتاتۆر و پیاوکوژ دەبێت و ئەوەش پاداشتی زۆرلێکراو.

بەڵام دیارە بوش، کە هەر لە سەرەتاوە بانگەوازی شەڕی خاچی کرد، توانای کاری درێژەخایەنی نییە.

لەکاتێکدا کە ئەنجامی شەڕ، هەتا ئێستا، نادیارە. هەروەها وەرزی باران و سەرما لە لایەک و لە لایەکی تریش سەرەتای ڕەمەزان کە شازدە یان حەڤدەی مانگی نۆڤەمبەر دەست پێ دەکات! وا دەگەیەنن کە ئەمریکا ناگاتە ئەو ئەنجامەی کە خوازیاری بوو.

چونکە جگە لەوەی کە سەرماوسۆڵەی زستان وچانێک بۆ بنلادن و تالیبانەکان دروست دەکات، ڕەمەزانیش دەبێتە هۆی نارەزایی خەڵکانی موسڵمانی پاکستان و ئەندەنوسیا و وڵاتانی عەرەبیش دژی حکوومەتەکانیان کە ئەنجامەکەی نادیارە.

لە هەموو ئەوانەش گرنگتر ئەوەیە کە دوو هێز بەرانبەر بە یەکتر ڕاوەستاون؛ لە لایەک سەربازی ئەمریکایی کە ژیانێکی خۆش و ماڵی گەرم و ... تاد چاوەڕوانیان دەکات، یان مردن! بەرانبەریشیان خەڵکێکی هەژار کە ماڵی وێران و برسێتی یان ... بەهەشتی بەرین چاوەڕوانیان دەکات!

بێگومان شکانی ئەمریکا کارەساتێکی گەورە دەبێت بۆ ئایینده‌ی ئابووریی جیهان و هیوای دیموکراسیەت لە ڕۆژهەڵاتدا. بەڵام لە داهاتووی دوورتردا ڕەنگە لە بەرژەوەندیی میللەتانی هەژار بێت!

شەهیدانی "خێڵی حەمە"

پاشماوەی نابێت تیرۆریزمی ئیسلامی بگەڕێتەوە بۆ کوردستان

بۆ کوردستان بگەڕێتەوە. ئەمە بڕیاری خەڵکی ئازادیخواز و سکۆلاری کوردستانە و دەبێت ئەمە بسەپێنریت بەسەر تیرۆریزمی بەناو ئیسلامدا.

لە دژی ئەم کارە درندانەیەی «جند الاسلام» گۆڤاری ڕێفراندوم و کوردیش میدیا لە لەندەن بۆ یەکدەنگی و هاوئاهەنگی، ئێوارەی ٢٠٠١/١٠/١٣ پانێلێکیان لەژێر دروشمی (نابێت تیرۆریزمی ئیسلامی بگەڕێتەوە بۆ کوردستان) ڕێکخست، بۆ لێدوان لە ڕووداوەکانی ١١ی سپتەمبەر و شەڕی تیرۆریزمی ئیسلامی لە کوردستان. پانێلەکە بە بەشداریی بەڕێزان «ئاسۆ کەمال؛ سەرنووسەری گۆڤاری ڕێفراندوم، ڕێبوار فەتاح؛ بەڕپرسی کوردیش میدیا، حسین مراد بیگی؛ سەرنووسەری ئێسکرا و هەرێم جاف؛ ڕۆژنامەنووس.» بە ڕێوە چوو و لەلایەن «دەشتی جەمال»ەوە بە ڕێوە برا.

باسەکان لە چوارچێوەی ڕیشەکێشکردنی ئیسلامیی سیاسی لە کوردستاندا تەوەرەی بەست، هەروەها پشتیوانیکردن لە نارەزایەتییەکانی خەڵکی کوردستان دژ بە تیرۆریزمی ئیسلامی و بەرگرتن لە گەڕانەوەی تاقمە ئیسلامییەکان بۆ کوردستان و مەحکومکردنی دەوری جمهوریی ئیسلامیی ئێران لە کۆمەکی ئەم گرووپە تیروریستانەدا. تێکرا لەسەر نەگەڕانەوەی تیرۆریزمی ئیسلامی بۆ کوردستان قسە و باسیان کرد. لەکۆتاییدا بە تێکرا بەشداربووان بڕیارنامەیەکیان ڕاگەیاند کە داوای قەدەغەکردنی گرووپە ئیسلامییەکان و زامنکردنی نەگەڕانەوەیان دەکات، هەروەها قەدەغەکردنی دەستێوەردانی جمهوریی ئیسلامیی ئێران لە کوردستان و ڕێگەنەدان بە هەر سازشێکی حزبە دەسەڵاتدارەکان لەپێناوی گەڕانەوەی ئیسلامییەکان بۆ کوردستان و پشتیوانیکردن لە بەرەی عیلمانی لە کومەڵگای کوردستاندا. ئەمە و دەقی بڕیارنامەکە ڕەوانەی حیزبە دەسەڵاتدارەکان دەکرێت لە کوردستان. هەروەها لەژێر ناوی (نابێت تیرۆریزمی ئیسلامی بگەڕێتەوە بۆ کوردستان) ئامادەبووانی ئەم پانێلە نامەیەکی کراوەیان ئیمزا کرد بۆ ڕاکێشانی پشتیوانیی زیاتر لە دەرەوە، کە لێرەدا دەقی ئەو ڕاگەیاندە بڵاو دەکەینەوە:

بڕیارنامە دژی تیرۆریزمی ئیسلامی بۆ بەرگری لە علمانیەت لە کوردستان

١ـ ئێمە تاوانی تیرۆریستانەی جند اسلام لە ٢٣ سێپتەمبەر، بە توندی مەحکوم دەکەین و تاوانبارانی ئەم کارەساتە دەبێت دادگای بکرێن.

٢ـ گرووپە ئیسلامییەکان، چەکدار بن یان بێ چەک، دەبێت قەدەغە بکرێن.

٣ـ جیاکردنەوەی دین لە حکوومەت و ئیدارە لە کوردستاندا.

٤ـ ئێمە پشتیوانیی خەڵکی نارازی کوردستان دەکەین کە دژ بە تیرۆریزمی ئیسلامی هاتوونەتە مەیدان.

٥ـ ئێمە نارەزایەتی دەردەبڕین بەرانبەر بە هەر سازش و مساوەمەیەکی حزبە حاکمەکانی کوردستان کە لە پێناو گێڕانەوەی دەسەڵاتی بزووتنەوەی ئیسلامی بۆ ناوچەی هەڵەبجە و بۆ ئیدارەی کوردستان.

٦ـ ڕێگەنەدان بە دەخاڵەتی دەوڵەتی ئێران لە کاروباری کوردستاندا.

٧ـ ئێمە خوازیاری هاوکاری هەر لایەن و کۆڕ و کۆمەڵێکین کە لە پێناو ئەم خواستانەدا کار دەکەن.

ئاسۆ کمال، سابیر کۆکەیی، کەریم ابراهیم، موئەیەد ئەحمەد، پێشڕەو نامۆ، نوری بەشیر، بەیان، حەمەسوور، بێستون ڕەمەزان، ڕێبوار فەتاح، کەمال نجم الدین، هادی سەراج، هەرێم جاف، نەسرین ئەحمەد، نەبەز خالد، خەبات نیزامەدین، کاروان عومەر سەعید، ئالان عومەرسەعید، فەرهاد سەلام، قادر حەسەن، بەرهەم حەمەعەزیز، هێمن عەزیز، ڕۆستەم تاهیر، رم ئەحمەد، نادیە مەحموود، نوری بەشیر و سوسەن سەلیم

شەهیدێکی "خێڵی حەمە" کە پاش شەهیدبوونی لەلایەن درندەکانی بەناو "جند الاسلام"ەوە سەری بە بلۆک پانکراوەتەوە.
لە "کوردسات"ەوە وەرگیراوە.

پاشماوەی چیرۆکێکی بڵاوکراوە لە (پەیام)دا دەکرێت بە فیلمێکی فرەنسایی

سێیەمین جارە دەور لە فیلمەکانی هونەرمەند "هونەر سالم"دا دەبینێت، هەروەها «Anna Schygalla» کە ئەکتریسێکی بەناوبانگی ئەڵمانیایە، لە ساڵەکانی شەستدا لە زۆر فیلمی «Fassbinder»دا دەوری سەرەکی هەبووە و لەم فیلمەی هونەر سالمدا یەکێک لە ڕۆڵە سەرەکییەکان دەبینێت. هونەر سالم، سەبارەت بە بیرۆکەی فیلمی ناوبراو. بەم جۆرە بۆ (پەیام) دوا:

"ـ دەمێک بوو بیرم لەوە دەکردەوە فیلمێک لەسەر ئەو بابەتە بکەم، هەر کە کورتەچیرۆکەکەی فەرهاد پیربالّم بەر چاو کەوت لە (ژمارە ٢٥-٢٦ پووشپەڕ و خەرمانان ٢٧٠٠ی کوردی)ی پەیامدا بە ناوی (پەراوێزەکانی ئەوروپا...)ەوە خێرا ئیلهامی باسەکەم بۆ هات و دەستم کرد بە نووسینی سیناریۆکەم.

ـ بێگومان زۆر حەز بە چیرۆک و هۆنراوەی فەرهاد پیربالّ دەکەم و زۆر پێی موعجیبم.

سیناریۆکە زۆر جیاوازە لە چیرۆکەکەی فەرهاد و زۆر گۆڕانکاری و درێژەم پێداوە، چونکە دایالۆگ و کەسایەتی کەم تێدایە و کورتە و بەشی ئەوە ناکات فیلمێکی سینەمایی سەعاتونیوێکی تێدا بێت... هەروەها زۆر حەزم دەکرد کە کۆتایی سیناریۆکە وەکوو هەمان کۆتایی چیرۆکەکەی فەرهاد بێت، بەڵام کە دەستم کرد بە نووسین و دەرهێنانی، بەبێ ئەوەی زۆر لە خۆم بکەم، بەرەو کۆتاییەکی تر ڕۆشتم کە جیاوازە لە چیرۆکەکەی فەرهاد.."

پاریس

پاشماوەی قازی محەمەد:

سەرا و بە محەمەد ڕەشید خانی وت: "دەست لەمانە هەڵبگرە سەقز و بانە و سەردەشت دەدەمێ." بەڵام خان وتی: "ئێمە خودمختاریمان ئەوێ و شتی وا ناکەم."

زابتە کوردەکانیش هەریەک بە ٧٠-٨٠ نەفەرەوە هاتن و خان لە دێهاتەکاندا دایمەزراندن، خان مستەفا خۆشناو و میرحاجی زۆر خۆش دەویست و دوای (١٢) ڕۆژ میرحاج و مستەفا خۆشناو و زابتەکانی تر ئیجازەیان لە خان وەرگرت و لە زنجیرە کێوێکدا، بە ڕووی سەقزدا، دایمەزراندن. دوو ڕۆژ دوای ئەوە جەیشی ئێران هجومی بۆ کردن، بەڵام شکاندیان و تا پێش شەقز ڕاویان نان، هجومەکە بە زۆری لەسەر مستەفا خۆشناو بوو، دوای ئەوە دێهاتەکانی مەنتیقەی سەقزیش بە لای بانەوە کەوتە دەست چەکدارەکانی خان و بارزانی، پاش ئەم سەرکەوتنە ناوی بارزانی و خان بە تەواوی بڵاوبووەوە، دوای هەفتەیەک لەو شەڕە خەبەر هات کە سەدری قازی (برای قازی محەمەد و نوێنەری مهاباد لە مەجلیسی شورای میللی ئێران) ئیشی جێبەجێ کردووە و قازی چووە بۆ تاران بۆ مفاوەزە، دیارە سەدر لەسەر داوای قازی کارئاسانی بۆ ئەمە کردبوو و قازی محەمەد خۆی کەوتبووە جموجۆڵ، حەمە ڕەشید خان کە خەبەری چوونی قازی محەمەدی بۆ تاران بیست، وتی: "قازی محەمەد مەسەلەکەی دۆڕاند." دوای ٣-٤ ڕۆژ قازی گەڕایەوە. پاش ڕۆژێک لە گەڕانەوە ناردیان بە شوێن خاندا، خان چوو بۆ مهاباد، قازی لە هۆڵێکدا لە سەرەوە دانیشتبوو، خان و محەمەد حسەین خان لە لایەکیەوە و بارزانی و عومەر خانی شکاک لە لایەکی تریەوە، هۆڵەکە پڕبوو لە سەرۆک و عەشایەر و مەسئوولین.

دوای مجلە خوێندنەوەیەکی کاتی قازی وتی: "جەنابی خان بە خێر بێی، چووینە تاران و لەگەڵ دەوڵەت وتووێژمان کرد، ڕێکەوتین لەسەر ئەوەی کە دەوڵەت بێتەوە و وڵاتی خۆی بگرێتەوە، بەڵام مهاباد بۆ ئێمە چۆڵ بێت و معاش و ئازوخەی (٣٠٠) پێشمەرگەمان بداتێ، منیش لەم (٣٠٠) کەسە (١٥٠) بارزانی و (١٥٠) مهابادیم داناوە.: حەمە ڕەشید خان بە تووڕەییەوە وتی: "جەنابی قازی، کوردستانت ڕزگار کرد؟ حکوومەت بێتەوە تۆ دەتوانی بە (٣٠٠) کەسەوە لەوێدا دانیشیت؟ من رزم ئارا تا ئێستا (٣) جار هاتووەتە سەرا بۆ لام و وتوویەتی معاش و خاروباری (٢٥٠٠) کەست دەدەمێ و سەقز و بانە و سەردەشت و دیواندەرەت بۆ چۆڵ دەکەین دەست لەمانە بەردە، من وتوومە ئێمە خودمختاریمان دەوێت و داوای سەقز و بانە ناکەین." پاش ئەوە حەمە ڕەشید خان بە عاجزی هاتە دەر و هاتەوە بۆ سەرا لەوێ ئیستقالەی بۆ قازی نووسی و جلە ژەنڕاڵییەکانی بۆ ناردەوە بە سایەقی سەیارەکەی شۆڕشدا و وتی: :تازە قازی کوردستانی دۆڕاند."

ئەگەرچی میرحاج لە دێی بوغدەکەندی هات بۆ لای حەمە ڕەشید خان و زۆر تکای لە خان کرد کە جێیان نەهێڵێت، خان پێی وت: "کە تازە ئەم جێگای نییە و قازی محەمەد جوابی کردووین." دوای (٤) ڕۆژ خان هاتەوە بۆ عیراق (دێکەی خۆی)، لەو مەسافەی سەرادا سەید عەلی حیجازی گەیشتە لای خان و داوای لێکرد کە بگەڕێتەوە و هەموو شتێکی بۆ دەکرێت، حەمە ڕەشید خان وەڵامی نەدایەوە و لە دواییدا کە لە قازی محەمەد مەئیووس بوو، کاغەزی نارد بۆ لای شێخ عەبدولقادری چوێسە، بە حیجازی بڵێت دەگەڕێتەوە، پاش گەڕانەوە چوو بۆ بەغدا و دوای (٢١) ڕۆژ خان لەلایەن نوری سەعیدەوە تەبلیغ کرا کە دوور خراوەتەوە (نفی) بۆ ڕومادی، (١٥) ڕۆژ بوو لە ڕومادی نەفی بوو، خەبەر گەیشت کە ئازربایجان ڕووخاوە و پێشەوەری کە سەرۆکی کۆماری ئازەربایجان بوو ڕایکردووە و بووەتە پەناهەندە لە شورەوی و حکوومەتی کوردستان ڕووخاوە و مهاباد گیراوەتەوە و قازی محەمەد ڕایکردووە و مەلا مستەفای بارزانیش ئەو ناوەی بەجێهێشتووە...

زۆر سوپاسی بەڕێز دڵشادی عیزەت بەگی برای حەمە ڕەشید خان دەکەم کە تەواوی ئەم زانیارییانەی لە زاری بەڕێز حەمەصاڵح بەگی برای حەمە ڕەشید خانەوە وەرگرتووە.